رۆیشتن بە ئاراستەی مردووە بەڕێزەکان

بەشدار سامی

# ڕۆیشتن بە ئاراستەی مردووە بەڕێزەکان

بەشدار سامی

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان
ب. گ. ڕۆشنبیری و هونەر و وەرزش و لاوان
بەڕێوەبەرایەتیی چالاکیی ویژەیی- هەولێر

# ڕۆیشتن بە ئاراستەی مردووە بەڕێزەکان

شیعر

## بەشدار سامی


- بەرگ: سەیوان سەعیدییان
- چاپ: یەکەم- ٢٠١٣
- چاپخانە: دارا
- تیراژ: ٥٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی ٦٥١ی ساڵی ٢٠١٣ی پێ دراوە.

# ڕۆیشتن بە ئاراستەی مردووە بەڕێزەکان

شیعر

## بەشدار سامی

٢٠١٣

# دژ بە تەنیایی

خۆی بەر لەوەی بکوژێت
لە دەوروبەری خۆیدا
کەسێکی کوشت

وەک ئەوەی بە تەنیا ژیا
نەیویست
بە تەنیا بمرێت

# سۆتەک

بە نێو بادا
بە نێو بای زەمەنی خۆماندا
دەڕۆین و خەون
خەونی درێژ دەبینین.

بە نێو باراندا
بە نێو سەرمادا
بەسەر ڕێگە ڕەشەکاندا
بە نێو بای تەڕدا
دەڕۆین و
خەونی نەبوو
خەونی نەبووی درێژ دەبینین.

ڕۆیشتنمان بە نێو گەرمادا
لە بیری مرۆڤایەتیدا دەمێنێتەوە
ئەمڕۆیش کە سەرما بوو!

لە کەنار زەریا
پرچت سارد بوو.

ئەم هەموو خەڵکانە لە نێو ئەو هەمووماڵانەدا
ئەو هەموو بۆقانە لە نێو ئەو هەموو ئاوانەدا
ئەو هەموو بارانە لە نێو فەزادا ئەو هەموو ورچە
لە نێو بەفری قەراغ شاخەکاندا
شوێنیان هەیە بەڵام ئێمە
بە نێو بادا دەڕۆین

# هەزارگۆشە

خەڵکانێک هەن لەبەر خاتری خودا نان ناخۆن
خەڵکانێک هەن لەبەر خاتری خودا چاکە دەکەن
خەڵکانێک هەن لەبەر خاتری خودا ئارامی
دەپارێزن
خەڵکانێک هەن لەبەر خاتری خودا دەمرن
خەڵکانێک هەن لەبەر خاتری خودا **محەممەد**یان
خۆش دەوێت

خەڵکانێک هەن لەبەر خاتری خودا مزگەوت
دروست دەکەن
خەڵکانێک هەن لەبەر خاتری خودا شەو نانوون
خەڵکانێک هەن لەبەر خاتری خودا دەگرین
خەڵکانێک هەن
خەڵکانێک

خەڵکان نابێت پشت لە خۆیان بکەن

# کوڕەکانمان لە تافی لاویدا

منداڵەکانمان
گەورە دەبن، خوێڕی دەبن، شەریف دەبن

بە دروستکردنی کەنیسە و
بە دروستکردنی باڕەوە
چەند دانەیەک
خەریک دەبن
لەسەر جادە و لە سەنگەر و
لە مەلها و لە چەند شوێنی دی
چەند دانەیەک، دەکوژرێن

منداڵەکانمان
لە خۆمان و لە خۆیان و لە کەس ناچن

هەندێکیان، کە باوکیان، لە شوێنەکان کوژراون
دەژین
هەندێکیان، کە باوکیان، لە ماڵەوەن، لە دەرەوە
دەکوژرێن
هەندێکیان، کە باوکیان، بە دروستکردنی مەلهاوە
خەریک بوون
مزگەوت دروست دەکەن
هەندێکیان، لەگەڵ باوکیاندا گەورە دەبن و
خەڵکی پێیان دەڵێن: ئەحمەقەکان!

هەندێکیان، باوکی خۆیان ناناسنەوە!

# لەبیرنەکراو

لە نێوان خەڵکیدا خەڵکی لەبیرنەکراوی من تۆیت
تۆیت کە دەبێت لە سەفەرمدا بیت
تۆیت کە دەبێت لە خەونمدا بیت
تۆیت کە دەبێت لە پێخەفەکەمدا بیت
ژنانی دی هیی پیاوانی دیکەن

شەوانی هاوینی گەرم ئەستێرەکان کە دەبینم و
بیر لە خەڵکی خۆم دەکەمەوە
خەڵکی من تۆیت
ژنانی دی خەڵکی پیاوانی دیکەن

خەڵکی من تۆیت
تۆیت کە لە ڕۆژێکدا پێنجهەزار جار پێت دەڵێم:
خۆشم دەوێیت و
خەڵکی من تۆیت

# دیسان جەنگ

شەوە و ئاسمان ساردە و
گوللەیەک
جەستەی سەربازێک
لەنێو تاریکیی شەودا
وەکوو بای سەر بەفری شاخەکان
لە گەڕانەوە بۆ لای ژنەکەی
بۆ لای منداڵەکانی
سارد دەکاتەوە

# کورتەی سەرهاتی دنیا

مێژوو دەماننووسێتەوە
وەرە پاڵ بکەوین
تا وەها بماننووسێتەوە

# بە دیار تەماشای ئاژەڵانەوە

کە ماندووبوون چاوەکانت
دەستەکانت
ڕۆحت
دڵت
هەموو شتێکت...
مەبەستم بوو دەستت بگرم و
نینۆکەکانت ماچ بکەم و
بڵێم
تۆ زۆر جوانی
دەکرێت تا ئەفریقا بە یەکەوە بڕۆین و
چەند شەوێک لەنێو دارستانەکاندا
بە دیار شێر و زەڕافە و فیل و مەیموون و
گیانەوەرە ئاوییەکانەوە دابنیشین، بەڵام

ترسام بڵێیت: دەکرێت؟
ئاخر من ڕێی ئەفریقام نەدەزانی!

*

شەو لەگەڵ تۆدا خۆشە
ڕۆژ لەگەڵ تۆدا
بینینی ئاسمان لەگەڵ تۆدا

*

لەگەڵ تۆدا
دەتوانم سەرگەرمی سەما بم
لەگەڵ تۆدا
دەتوانم دوو جار سەرگەرمی سەما ببمەوە
لەگەڵ تۆدا
دەتوانم لەنێو فڕۆکەدا دابنیشم و نەلەرزم
لەگەڵ تۆدا
ناوی خۆم فەرامۆش دەکەم و
بە ناوی تۆ ڕێیەکان دەبڕم

# پەنجەرە

پەنجەرە بۆ تەماشاکردنی دەرەوە دەکرێتەوە
پەنجەرە بۆ گۆڕینی هەوای ژوورەوە
پەنجەرە بۆ بیستنی دەنگی سەگی
نیوەشەوان
پەنجەرە بۆ فڕێدانی شتی زیادەی نێو ژوورەوە
پەنجەرە بۆ بانگکردنی کەسێکی خۆشەویست
دەکرێتەوە
پەنجەرە بەڵام
دەبێت هیی خۆت بێت

حەزم لە تەماشاکردنی دەرەوەیە
حەزم لە گۆڕینی هەوای ژوورەکەمە
حەزم لە بیستنی دەنگی سەگی نیوەشەوانە
حەزم لە فڕێدانی شتە زیادەکانمە
حەزم لە بانگکردنی کەسێکی خۆشەویستە
پەنجەرە کە دەکرێتەوە
بەڵام من پەنجەرەم نییە!

## ژووری ژماره ٥٨

له تۆ بێزار و ماندوو
له تۆ نەخۆش
هیچ نەبووم له تۆ بەڵام
که ڕۆیشتم
دڵتەنگت بووم

لەنێو فڕۆکەدا لە سەرووی هەورەکان
نیشتیمان بە ئاستەم کە دەبیندرا
بە دوای تۆدا
لە خوارەوە دەگەڕام

لە ڕێیە دوورودرێژەکان و
تەنانەت لە ژووری هۆتێلی شارێکی دوور
کە سەرم کەوتە سەر سەرین و
جەستەیش سەر تەختی خەو
دڵتەنگت بووم

# هەبوون؛ نزیک وەک ماڵەوە

هەبوونی تۆ گرینگترە
لە هەبوونی پشیلەیەکی سپی
گرینگترە لە سەگێکی ڕەش
گرینگترە لە بۆقێک

هەبوونی تۆ وەک خواردنی بەیانیان
وەک سەرتاشخانەیەک لە نزیکماڵەوە
گرینگترە
لە هەبوونی پشیلەیەکی سپی
لە هەبوونی سەگێکی ڕەش
لە هەبوونی بۆقێک... بەڵام
لە هەبوونی تۆ
ترساو و
بریندار و
ماندووم!

## ژیانی سەرخۆش

پیاوانێک ژنانیانم کە خۆش دەوێن
وەک ژنانیان کە لە بیرمدان
لە بیریاندام!

لەگەڵ عەرەقخۆرەوەکان کە دانیشتم
گوتم: بە یادی ئەو ژنانەی کە خۆشمان دەوێن
با بچێتە خوارەوە
گوتیان: با بچێتە خوارەوە، عەرەقی فەل!

ئێمە لە زەمەنی خۆماندا دەژین
قەت
ناتوانین ژنانێک کە هەن
بۆ زەمەنێکی دی بنێرین
کەوایە سەرخۆشەکان درۆیان نەگوت کە گوتیان:
ژنەکان هیی خۆمانن!

پیاوانێک ژنانیانم کە خۆش دەوێن
وەک ژنانیان کە لە بیریاندا بووم
لە بیرمدا بوون و
گوتم: بە یادی پیاوانێک کە ژنەکانیانم خۆش دەوێن
با بچێتە خوارەوە
گوتیان: با بچێتە خوارەوە، عەرەقی فەل!

سەرخۆشەکان ڕاستیان گوت
قەت نابێت
ژنانێک کە خۆشمان دەوێن
بە هیی پیاوانی دیکەیان بزانین

# تەویلەی خەڵکان

خەڵکانێک هەن بە سەگ دەچن
خەڵکانێک هەن بە کەر
هەن بە گا

سەگ لە خۆشم دەوێیەکانە
کەر لە خۆشم دەوێیەکانە
گا لە خۆشم دەوێیەکانە... بەڵام
خەڵکان نابێت
بە سەگ
بە کەر
بە گا بچن

# خۆمانەکان

ژنانێک کە هیی خۆمان بوون
گرینگ نییە
لە کوێدا و بۆ کێ شەو ڕووناک دەکەنەوە و
لە کوێدا و بۆ کێ ڕووناکی دەخەنە تاریکییەوە...
ژنان
قەت پیاوانێک کە هیی خۆیان بوون
لە بیر ناکەن

ژنانێک کە هیی خۆمان بوون
شەوی درەنگ
ڕۆژی درەنگ
گرینگ نییە...
ژنان
قەت پیاوانی خۆشویستوویان
لە بیر ناکەن

ژنانێک کە هیی خۆمان بوون
هیی خۆمان دەمێننەوە

دەرکە با دانەخراو بن

# گەرمایی شیعری هاوین

لە نیوەڕۆی گەرمی هاویندا
لەنێو کۆڵانەکان
تەنیا و
ماندوو و
کەمێکیش تێنوو... بەڵام
هێشتا دەتوانم بیرت لێ بکەمەوە و
ددانەکانت ببینم

لە نیوەڕۆی گەرمی هاویندا
مرۆڤ کە دەسووتێن
جگەرە لە نێوان دوو پەنجەمدا
دووکەڵی بەرز دەبێتەوە و
ڕێیەکان لە بنی پێمدا دەکوڵێن، بەڵام
هێشتا دەتوانم تۆقەکەت لەسەر دەستم بهێڵمەوە و
بڵێم: خۆشم دەوێیت!

لە نیوەڕۆی گەرمی هاوینی مرۆڤسووتێندا
بیرم لە ڕێی سێیەم بۆ هەردووکمان کردەوە و
ڕێی سێیەم کە قەت نەبوو
لەسەر بەردێک
دانیشتم و
گریام!

لە نیوەڕۆی گەرمی هاویندا
مرۆڤ خۆی لە گەرما دەشارێتەوە، بەڵام
لەنێو گەرمادا
من بە دوای تۆدا دەگەڕێم؛
بە دوای گەرمایی ئەویندا

# سێ پیاو، بە منڕا

لەسەر مێزی نادییەکدا
دانیشتن و
عەرەقی فەلیان داوا کرد
هەر یەکەیان بە خۆشیی ئەوی دیکەیان
عەرەقی فەلیان پەیتاپەیتا خواردەوە

دانەیەک بە بیانووی گووکردن
دانەیەک بە بیانووی تەلیفۆنکردن
دانەیەک بە بیانووی هێنانەوەی هەردووکیان
بۆ سەر مێز؛
چوونە دەرەوە و
هەریەکە و بە کۆڵانێکدا هەڵاتن

## هەشتا جار

لەسەر مێزی مەیخواردنەوە
نازانم خەریکی هەڵدانی چەندەم پێک بووم
تەلیفۆنی بۆ کردم و
دڵنیا نیم چۆنم وەڵام داوەتەوە

حاڵم تەواو لە جێی خۆیدا نەبوو و
بە تەواوەتییش نازانم
خۆی بوو یان کەسێکی دی
گوتی:
**سەرخۆشی بێقیمەتی هیچوپووچی ناشیرین!**
لە هەینێوە
هەشتا جار
گریاوم!

# تەختەی خەو

تاقەشەوێکی
هەشتکاتژمێری
نێوان ملیۆنان کاتژمێری
نێوان هەزاران شەودا کە تۆ هەتە
ڕێم بدە لەگەڵت بم

لەگەڵت ئەگەر باش نەبووم و
سەرجێییم خراپ لەگەڵ کردی
دەموچاوم بە قەڵەم بنووسە و
ماڵەکەتم پێ پاک بکەوە و
بڵێ
برۆ نێو ئاژەڵان
دەچم ئەگەر
لەگەڵت باش نەبووم و
سەرجێییم خراپ لەگەڵ کردی

# بەستەڵەک خانم!

خانمەکەم، سڵاو!
دەمەوێت بڵێم بیرت دەکەم
دەمەوێت بڵێم
شەوەکان لە زستاندا
مرۆڤ دەخەنەوە بیری ئاگر
دەمەوێت بڵێم
چەند وێنەیەکی خۆم
کە لە گەرمای هاوینی پارساڵدا گیراون
بە دیوارەکەی بەرامبەرمم هەڵواسیون
هەست دەکەم لە سەرمای ئەم زستانە نەفرەتییە
تا ڕادەیەک دەمپارێزن

دەمەوێت بڵێم
ئەو شەوەی کە دەبوو بێمە لات
لە سەرما ترسام
تۆیشم کە لە بیر بوو؛ نووستم

دەمەوێت پێت بڵێم لەوانەیە
ئەم سەرمایە چەندساڵێکی دی درێژ بێتەوە
دەمەوێت پێت بڵێم
خوا دەزانێت دوای حەفتەیەکی دی
چەند سەرمای ساردتر لەوەی کە هەیە
وەدەر کەون و مرۆڤ نەتوانێت
تەنانەت بۆ گووکردنیش لە ژوور بچێتە دەر

دەمەوێت پێت بڵێم سەرما زۆر ناخۆشە
دەمەوێت پێت بڵێم
وڵاتپارێزەکان لە دەرەوە چۆن گەرم دەبنەوە؟!
دەمەوێت پێت بڵێم
لە ماڵەکەی تۆیش زستان ساردە؟!
تۆیش سەرماتە؟!

خانمەکەم، سڵاو!
ئەو شەوەی کە چاوەڕێت دەکردم
لە سەرمان هەڵدەلەرزیم و
تۆیشم کە لە بیر بوو
چوومە سەر جێیەکەم و
نووستم.

# پایپ

به بۆنەی ئەو چەند ڕۆژە خۆشانەی
لە نێوان چەندین ساڵ جارێک
کە بەرم کەوتوون
ماومەتەوە و
نەمویستووە خۆم بکوژم

# ژمارە

هەموو ئەو ژنانەی خۆشیان دەویستم
من بەشێکیانم خۆش نەدەویست... بەڵام
دەمگوت:
منیش

# کۆنەخوێن

وەکوو هەموو ئەو ژنانەی بە جەستەی مندا
تێپەڕین
تۆیش خەریکە تێدەپەڕی
بەڵام
بەسەر دڵمدا

خەمناکە بیرکردنەوە لەو ڕۆژەی کە تۆ تێدەپەڕی
بەڵام
تۆ تێپەڕیوی!

کە گوتت (ماندووم)
منیش
بەڵام
نەمگوت!

Photo

دەبێت بە جۆرێکی دیکە بپەیڤم

تۆ جۆرێکی دیکەیت

# سکەی قیتار

با هەڵی کرد، بیرم لە سەفەر کردەوە
باران دایکرد، بیرم لە سەفەر کردەوە
گیا شین بوو، بیرم لە سەفەر کردەوە

با
باران
گیا، نەمان
بەڵام بیرم لە سەفەر دەکردەوە

ویسکیم خواردەوە
سەرخۆش بووم و
دیسان بیرم لە سەفەر دەکردەوە

*

حەزم لە بینینی کەشتییە
حەزم لە بینینی زەریایە
حەزم لە بینینی فیلە
حەزم لە بینینی قیتارە

من نامەوێت لێرە بمرم

# زستان

له نیوەشەوی زستاندا
له تەنیاییدا هەڵدەلەرزیم
جگەرەم دەکێشا
قاوەم دەخواردەوە و
بیرم بە تایبەتی له تۆ کردەوە
(نازانم چ کاتێک، دەتوانی بیر لەو چۆلەکانە
بکەیتەوە کە لە نیوەشەوی زستاندا سەرما
دەیانلەرزێنێت؟ هەرکات ئەوانت بە بیردا هات
ئەوە منیش ئەو ڕۆژانە وەهام)

که له نیوەشەوی زستاندا له تەنیاییدا
هەڵدەلەرزیم و
جگەرەم دەکێشا و
قاوەم دەخواردەوە و
بیرم بە تایبەتی له تۆ دەکردەوە
نازانم تا ئەوکات چەند چۆلەکەی نێو
درەختە تەڕەکان
له سەرمان ڕەق بووبوونەوە!

دەرەوە تاریک
باران بە قایم دەباری و
دەکەوتە سەر بانی ژوورەکەم
مێشوولەیەک له بۆشاییی بنی دەرکە
که هەبوو
هاتە ژوورەوە

ئەوە تۆ نەبوویت؟!

# له خاڵێکدا

پشیلەیەک لە کۆڵان پەڕییەوە و
منداڵێک لە سەربان کۆتری هەڵدەفڕاند و
ژنێکیش سەری لە دەرکەی حەوشە دەرهێنا و
منی بینی و
هیچی نەگوت، بەڵام ترسا

من، پەیڤم لەوێدا

پشیلەیەک لە کۆڵان دەپەڕێتەوە و
منداڵێک لە سەربان کۆتر هەڵدەفڕێنێت و
ژنێکیش سەری لە دەرکەی حەوشە دەردەهێنێت و
تۆ دەبینێت و دەترسێت، بەڵام
هیچ ناڵێت

پەیڤم بە لەوێدا

# پڕداد

دەستم کە بەر دەدەیت
چاترە
دەستم بنێژم!

## بۆ ژنەکەم!

نەختێک لە تەنیشتم دابنیشە و
نەختێک دەستت بخە نێو قژم و
نەختێک تەماشام بکە و
نەختێک پێ بکەنە
یان، هەموو ئەوانەی گوتم
تۆ دابنیشە، من دەیانکەم
لانیکەم
کچەکەمان
با ئەوانە ببینێت

# تێکەڵبوونی ئێسک

یەکیان بیری دایکی دەکرد
یەکیان بیری ژنەکەی
یەکێک بیری ئاژەڵەکانی
یەکێک بیری دراوسێیەکانی
یەکێک بیری شارەکەی

یەکێک بیری خواردنی ماڵەوەیانی دەکرد و
یەکێک دەگریا
چونکە پووری مردبوو لەوێ نەبوو
چەند دانەیەک بیریان لە منداڵەکانیان دەکردەوە

بەر لەوەی
لە سەنگەردا بکوژرێن
سەربازەکان

# ڕەشاییەکان

لە نهۆمی حەوتەمی هۆتێلدا
ماینەوە
تەمامان بوو سێکس بکەین

دەرپێیەکی ڕەش
ستیانێکی ڕەش
ژوورێکی ڕووناک، هەبوون
گڵۆپمان کوژاندەوە

هەموو شتێک ڕەش
تەنانەت، سێکسی ڕەش!

# یەکشەممە

دەبوو بۆ لای ژنەکەم بگەڕێمەوە
کچەکەیشم چاولەڕێم بوو
کە ژنێک
لەم دەوروبەرە
سەرنجی ڕاکێشام

ئەگەر خودا
تەواوی ژنانی دنیای کردبا بە خوشکم
لە هەمووی باشتر دەبوو!

## ٢٨ی ١٢ی ٢٠١٢

چەند ڕۆژی دی ساڵ نوێ دەبێتەوە
بیر دەکەمەوە
چۆن خۆم بۆ یەکەم چرکەی ساڵی ٢٠١٣
ئامادە بکەم!

هەوڵ دەدەم
قژم بتاشم و
لە ناوەڕاستی جادەکان
کە هەندێک لە خەڵکی هەڵدەپەڕن
لە دوورەوە تەماشایان بکەم

# یەک شوێن

هەندێکیان چەند ڕۆژ
هەندێکیان چەند ساڵ
هەندێکیان چەند مانگ
هەندێکیان چەند کاتژمێر و چەند خولەک ژنی من
بوون.

هەندێک ئێستا کە نازانم ژنی کێن، گرینگ نییە
هەندێک ئێستا کە مردوون و ژنی هیچ کەس
نەماون
گرینگ نییە
هەندێک ئێستا کە ماون و شوویان نەکردووە
دیسان گرینگ نییە

هەندێکیان چەند ڕۆژ
هەندێکیان چەند ساڵ
هەندێکیان چەند مانگ
هەندێکیان چەند کاتژمێر و چەند خولەک کە ژنی
من بوون
ئێستا لە کوێ و
ژنی کێی دین، گرینگ نییە
ژنی پیاوی دیکە بەر لە من، کە بوون

# تەماگرتن بەرەو نەچوون

بە تەمای چوون بووم، بۆ...!
بە تەمای چوون بووم، بۆ...!
بە تەمای چوون بووم، بۆ...!
نا
کە نەچووم و
دڵت کە تەنگە و
نەیهێشت، جەستەم بخەمە سەر پێیەکانم و
بە تەمای چوون بۆ (...!) بڕۆم

ناوی شوێنەکانم، ئەوانەی حەز ناکەم
ببن بە هاوڕێم...
با نەنووسرێن!

مادەم تۆ، دڵت تەنگە
تۆ، مادەم دڵت تەنگە
تۆ مادەم کە تەنگە دڵت، هەموو شوێنێک
بۆ دڵی منیش

# مردن بە دینی ئەوان

حەزم دەکرد
سەگ و پشیلە و کەرم هەبن
دایکم   ژنەکم
نەیانهێشت

بە هەزار حاڵ مریشکێکم پەیدا کرد
دایکم    ژنەکەم
سەریان بڕی و
خواردیان

من، نەژیاوم!

## دەنگێک لە ئاسمانەوە دێت

بیرم لەوە دەکردەوە
چۆن تەواوی ژنانی دنیا
بهێنمە ژوورەکەم و
لە ناوەڕاستیان
دابنیشم و بە هاوڕێ نەفرەتییەکانم پێ بکەنم

ژنەکەم دەهات و دەچوو گۆرانیی دەگوت

بیرم لەوە کردەوە:
ئەگەر تەواوی ژنانی دنیا لە ژوورەکەی مندا
گۆرانی بڵێن
من
گوێ بۆ کامیان دەبێت بگرم؟!

# کەوتن

ڕۆژێکی سامناک و تاریک و ناخۆشت دەبێت
خۆشەویستەکەت لە دەست بدەیت
من لە دەستم دا

یەکتریمان ماچ کرد
من ترسام
گوتی: بمبوورە!
دەستم لە دەستی کەوتە خوارەوە و
دڵم تا ڕادەیەکی زۆر تەنگ بوو و
دەستی خۆمم هەڵنەگرتەوە

ڕۆژێکی سامناک و تاریک و ناخۆشت دەبێت
خۆشەویستەکەت لە دەست بدەیت
من لە دەستم دا

## تێپەڕینی ژنان

هەموویان بەجێیان هێشتم
هەموویان لە بیریان کردم
هەموویان ئێستا کۆشیان پڕ بووە لە منداڵ

هەموویان ڕۆیشتن و
شوویان کرد
هەموویان منداڵیان بووە و
بە منداڵەکانیانەوە خەریکن
هەندێکیان منداڵی جوانیان بووە

ژنەکان تێدەپەڕن و
من تەماشای منداڵەکانیان دەکەم!

## بەندی

له بەندیخانەدا
بەندییەکان جۆراوجۆر بوون:
کەس هەبوو پشیلەی خۆش دەویست
کەس هەبوو سەگ
کەس هەبوو ئاسمان
کەس هەبوو تەیارە و
کەس هەبوو مشک

لە بەندیخانەدا
بەندییەکان جۆراوجۆر بوون:
کەس هەبوو سمێڵی گەورە بوو
کەس هەبوو قسەی
کەس هەبوو خەونی
کەس هەبوو پێڵاوی
کەس هەبوو هەموو شتێکی بچووک بوو

# دنیا شەوی منە

لە جامی پاسدا کە خەریکی ڕێکردنە
تەماشام دەکات
نەختێکیش بزە

به پێی قسەی کۆن:
مایەی گرینگیپێدان نیین
ئەوانەی لە ڕێکردندان
لە کاتێکدا
ئەوان گرینگیم پێ دەدەن

## دوو جار

به نیازی خۆکوشتن
چوومە نێو گۆڕستان و ئەو غیرەتەم نەبوو
خۆمی پێ بکوژم
(چوومەوە ژوورە تەسکەکەم چەند ڕۆژێک
نووستم)

به نیازی خۆکوشتن
چوومە نێو گۆڕستان و
ترسام بە نیازی ژیان نەتوانم بێمەوە نێو
کۆڵانەکان
(چوومەوە ژوورە تەسکەکەم چەند ڕۆژێک گریام)

# دادەکەوێت زەوی

من دەڵێم دڵم تەنگە
تۆ دەستت دەخەیتە سەر سنگت و دەڵێیت دڵی
منیش

نەختێک هەوا سارد بووە
بۆنی باران لە دوورەوە دێت و
خەڵکی بە گشتی باشن

من دڵم تەنگە و تەنگتر دەبێت
کە دەستی ڕاستت لەسەر دڵت دەبینم و
دەڵێیت دڵی منیش

# ناوت کە نانووسرێت

تۆ گرینگی بە خۆت کە دەبێت بدرێت
من، یان هیچکەس، گرینگ نییە، بدە

ئەم بەشەی زەوی گەر قەرارە بە هۆی کەوتنی
منەوە
بۆ چاڵێک، تاریک یان ناتاریک
چۆڵ ببێت، بۆت
ناکەوم، لەسەر پێیەکانم کە دەبوو هیی تۆ بان
دەوەستم

تۆ مەڵێ، چۆڵم، مەڵێ تەنیام، مەڵێ وەرە و دابنیشە!
لە نزیکتەوە کە هەم، مەگەر جەستەی گەرمم
بەر جەستەت
لەژێر ئەم سەرمای زستانە ناکەوێت؟!
مەڵێ نا!

تۆ، تۆی خۆت و
من، منی تۆم، هیچی دیکە
لەم بارەیەوە با نەگوترێت

# بەڵێ، بۆ ئەوانیش!

قەحپە بە تەنێ تۆ نیت
لەگەڵ چەندان کە خەوتوویت
ئەمشەویش، لەگەڵ مندا

قەحپە بە تەنێ تۆ نیت
لەگەڵ هەزاران پیاو و
مندا، کە خەوتوویت

هەزاران پیاو و من
ئینجا
قەحپە، بە تەنێ تۆ نیت

قەحپە بە تەنێ
تۆ نیت
من، لە تەنیشتت کە هەم

# ئێوارەیەک لە هەولێر

بۆ **شاڵاو حەبیبە**ی هاوڕێ و برا

دەست لەنێو پاڵتۆ
بە جادەکان
جادە دوورودرێژەکاندا دەڕۆیشتم

زستان
باران
سەرما بوو

دەست لەنێو گیرفانی پاڵتۆدا
دەلەرزی و
ترووسکاییەک نەبوو خۆمی پێ گەرم بکەمەوە

دەست لەنێو پاڵتۆ
بە جادەکان
جادە دوورودرێژ و ساردەکاندا
دەڕۆیشتم و
غەریبتر لە من لە دەرەوە نەبوو

# لەدایکبوون

ژن، هاواریان لە دەرەوە دەبیسرێت و
ئەو منداڵانەی لە تاقەڕۆژێکدا
دێنە دنیاوە
ناژمێردرێن

ئەو منداڵانەی لە تاقەڕۆژێکدا دێنە دنیاوە
لە تاقەڕۆژێک نا
لە چەند ڕۆژی جیا و
بە چەند ڕووداوی جیا دەمرن

ژن، هاواریان لە دەرەوە دەبیسرێت و
ئەو منداڵانەی لە تاقەڕۆژێکدا
دەمرن
ناژمێردرێن

## دوادلۆپەئاو

کاتژمێر سێی دوای نیوەشەوە
**٣٠** دانە جگەرەم کێشاون
چارەگێک وێسکی و چەند دانە بیرەم
خواردوونەتەوە و
سەرخۆش نیم
دەزانم کاتژمێر سێی دوای نیوەشەوە و
دەزانم لە وەرزی هاویندام و
دەزانم دنیا زۆر گەرمە

ناوی تەواوی ئەو ژنانەم لە بیرە
کە بەجێیان هێشتووم
ناوی ئەو پیاوانەیش
کە ژنەکانیانم خۆش دەویستن

پەنجەرەی یەکێک لە ژوورەکانی ئەو شوقەیە
دەکەمەوە
کە چەند ڕۆژێکە تێیدا دەژیم
بایەکی گەرم هەوای ژوورەکە دەگۆڕێت و
دەنگی چەند سەگێک لە دوورەوە دەبیستم و
دڵم تەنگ دەبێت و
بە یادی ڕۆیشتووان
دەچمە سەر تەختی خەو

# بیرەکان

مرۆڤ لە کاتی تەنیاییدا بیر لەو شتانە دەکاتەوە
کە هەرگیز بیری لێ نەکردوونەتەوە
مرۆڤ لە کاتی تەنیاییدا بیر لە ڕۆیشتووان
دەکاتەوە و
بۆ هەندێکیان دەگری

مرۆڤ لە کاتی تەنیاییدا
بیر لە دایکی کە لە ژوورەکەی تەنیشتیدا خەوتووە
دەکاتەوە
مرۆڤ لە کاتی تەنیاییدا وشە وەکوو مێروولە
ڕیز دەکات
مرۆڤ لە کاتی تەنیاییدا دەبێت بە ئاژەڵ
مرۆڤ لە کاتی تەنیاییدا قژی با دەدات و
زۆر جار سەری دەخورێنێت
مرۆڤ لە کاتی تەنیاییدا گوو زۆر دەکات

مرۆڤ لە کاتی تەنیاییدا بیر لە خۆکوشتن
دەکاتەوە
بەڵام
مەگەر چۆن
دەنا خۆی ناکوژێت

# سەرمای نووسین

لێرە، لەم ژوورە تەسک و کۆن و تاریکەی
کەوا خەریکی نووسینم تێیدا
چی دەگوترێت؟!
مەگەر بگوترێت:
لێرە، لەم ژوورە تەسک و کۆن و تاریکەی
کەوا خەریکی نووسینم تێیدا
سەرمامە!

**٤ی ١١ی ٢٠٠٩**

ڕۆژی لەدایکبوونی کچەکەم

کاتژمێر یازدەی شەو باوکم نووستبوو بەڵام نازانم
تا ئەوکات چەند کەسی نێو کۆڵانەکەمان مردبوون
زیندووەکانیش زۆر بووبوون نەدەژمێردران
کەس نازانێت دوای چەند خولەکێکی دیکە چی ڕوو
دەدات

دایکم
لە نەخۆشخانەی منداڵبوون تەلیفۆنی کرد و
گوتی:
"ژنەکەت کچێکی بوو."
من کە هیچ هێزێکی باوکایەتیم لە خۆمدا نەبینی
ترسام و
گوتم:
"ئەوە مەسەلەیەکە دەبێت بیری لێ بکەینەوە."

# ژیانی نێو مەنجەڵ

بەیانییەک ئەگەر
لە کاتی چاخواردنەوەدا
پیاڵەی چام لە دەست بکەوێتە سەر زەوی و
بشکێت و بەم بۆنەیەوە تۆم بیر بکەوێتەوە و بگریم
تۆ
کە ڕۆیشتوویت
لە نێوان ئەو هەموو ژنەی کەوتوونەتە سەر زەوی
و
دەکەون

چۆن دەتوانم بتدۆزمەوە و
پێت بڵێم: پیاڵەی چام
لە دەست کەوتە خوارەوە و
تۆم بیر کەوتەوە و
گریام؟!

# یەکەم جەهەندەمی مرۆڤ

یەکەم جار کە گریام
ساڵەکەی بە تەواوەتی باش نا، بەڵام
دەتوانم بزانم لە تەمەنێکی زۆر زووتر لە ئێستەمدا
بوو

هاوین
ژوورەوە گەرم؛
دەرەوەیش
خاولیم تەڕ کرد
بە دەموچاوممدا دا و
بیرم لە فێنکبوونەوە کردەوە

هاوین بوو
دنیا گەرم بوو
کە یەکەم جار زانیم عەرەق لە هەموو شوێنێک
دەکرێت بخورێتەوە
کە ژنی مامێکم مندالّی چوارەمی بوو
کە دوو کرێمستیم کڕی
یەکیان بۆ خۆم و ئەوەی دیکەیش هەر بۆ خۆم
کە چوومە مزگەوت و بۆ یەکەم جار بانگم دا
کە یەکەم نوێژم کرد
کە بۆ هەمیشە لە مزگەوت و نوێژ و خودا دوور
کەوتمەوە

کە دنیا گەرم بوو و
مرۆڤ لە تاو گەرمادا دەگریان
من عاشقی کچێکی دراوسێمان
**نێوی با نەنووسرێت** بووم و
بۆ یەکەم جار
بەنێو گەرمای هاویندا ڕۆیشتم و
گریام!

# ڤێكرا

شۆستەكان لە بن قۆندەرەكانی مندا درێژن
بەوێدا
بۆ ئەوێ كە هیی ڕۆیشتنن
دەڕۆم و
بە جوولانەوەی شتەكانی بەر دەمم
بیرم دەكەوێتەوە كە ڕاوەستان هەیە

ڕادەوەستم:
دووکەڵی جگەرە بە سروشتدا بڵاو دەکەمەوە و
بە بیرکردنەوە لە ڕەنگی جلەکانت هێزم دادەبەزێت
بەڵام
قورسایی جەستەم دەخەمە سەر پێیەکانم و
چاو لە شتەکانی سەر ڕێم دەپۆشم

بەوێدا
بۆ ئەوێ کە هیی هیچکەس نین
دەڕۆم

لە مەیخانەدا یان لە نازانم کوێدا
پیاوێک
هاتە دەرەوە
بە تەنیشتی مندا
یان من بە تەنیشتی ئەودا
یان هەردووکمان بە تەنیشتی یەکتریدا؛
دەڕوات   دەڕۆم
دەڕۆین
و
ڕۆیشتی پشیلەیەک بە بەر دەممماندا
ڕۆیشتن دەوەستێنێت و

پیاوێک لە تەنیشت مندا
یان من لە تەنیشتیدا
یان هەردووکمان لە تەنیشتی یەکتریدا
ڕادەوەستێت ڕادەوەستم ڕادەوەستین

دەنگی پیاوێک لە کاتی وەستانی مندا
یان من لە کاتی وەستانی ئەودا
یان هەردووکمان لە پڕ دەوەستین و
بەم جۆرە دەبیستم:
"کێ گرنگی بە مرۆڤ دەدات؟"
بۆ هەشتەمین جار جگەرە لە پاکەتەکەم دەردەهێنم
و
پێی دەکەم و
بە هەوادا دووکەڵ بەرز دەکەمەوە و
بیر لە تۆ دەکەمەوە و
بەوێدا بۆ ئەوێ کە دەمگەیەنێت بە تۆ
دەڕۆم

## هەندێکی دیکەیش

لەنێو پاسدا خەڵکی لە ڕۆیشتن
لە گەیشتن، لە خۆیان، دەدوێن
بیریشیان لە خۆیان...
بەڵام من لە تۆ
بیرشم!

زەریا وشکە
ئاسمان، تاریک
کە تۆ بیر لە ڕۆیشتن بەسەر پشتمدا
دەکەیتەوە

تۆ لە من دەڕۆیت
تا کەسێکی دیکەت لەگەڵدا ببینم!

بۆ ئەوەی تۆ لە بیر بکەم مریشکێکم کڕی
ناوی تۆم لێی نا!
تۆ،
لە بیرمدا دەمێنیتەوە
هەمیشە...
لە بیرمدا

دانیشتووم و خەریکم گوو دەخۆم
قسەکردن لە تۆ
کە دەڕۆیت

# پەیڤێک بۆ جوانی

لە دەم، لە زمان، لە ددان،
لە ئی تۆ
کە
دەدوێم!

لە تۆ قسە کە دێنە دەر
لە جوانی
من
لە جوانی، دەبیستم!

لەگەڵ تۆدا، شەو ئەستێرەی هەن و
لەگەڵ تۆدا، زەریا جوانی و
من
لەگەڵ تۆدا، هەموو شتێک!

لەگەڵ تۆدا
هەمیشە لەگەڵ تۆدا
من، لەگەڵ تۆدا دەدوێم

لەگەڵ تۆدا من لە جوانی، لەگەڵ تۆدا من لە فڕین، لەگەڵ تۆدا لە باران، لە گوڵی دەشت، لە دەنگی کەناری، لە ماچ، لە نیوەشەوی فێنک، دەدوێم

# شەوی سەر جادەکان

دیتبات کە دەگریام
دیتبات!

کە گوتت: "من قەحپەم"
قەحپەکانم خۆش ویستن

جلەکانت کە لێرە نیین
وەک سەگە بێخاوەنەکان
هەست بە ڕووتی
بە سەرما
بە برسییەتی دەکەم

نیوەشەو
لە دەرەوە
کە دەڕۆیشتم و
بیرم لە ڕەنگی نینۆکەکانت دەکردەوە و دەگریام
جووڵانەوەی عەلاگەیەک لەنێو تاریکیدا
ترساندمی و
دیتبات کە ڕامدەکرد و
ناوتم بۆ پاراستنی ڕۆحم دەهێنا

تاریکیی ژووری ماڵەکان لە پەنجەرەکانیانەوە
دەبینم و
لە تەنیشتم نیت تا پێت بڵێم
هەموو شوێنێکی دنیا تاریکە!

دەشت بە ڕەنگی جلەکانت جوانە
دەشت

لە نیوەشەودا باڵندە لە ئاسماندا نیین بەڵام
ئەستێرەکان بەڵام
لەگەڵ تۆدا جوانە بینین

بۆقێکم لە قەراغ شۆستەدا بینی
بەردەمم تاریک بوو بەڵام
دڵنیام بۆق بوو
حەزم کرد بۆتی بخەمە ڕستەوە.

کاتژمێر دووەوسیوپێنج خولەکی نێو تاریکییە
دەنگی سەگ دەبیستم
دەنگی کەڵەشێر دەبیستم و
هەستێکی وەهام لا دروست دەبێت کە تۆ لەو کاتەدا
لەنێو نوێنەکەتدا خەوتوویت
بۆ ڕێزگرتن لە خەوی تۆ
پێنج خولەک لەسەر شۆستە دەنووم

حەزم لە گریانە بەڵام
شەو شاد!

# شیعرەکانی ئاودەستخانە

# حەشیش

له هاویندا له ڕۆژه زۆر گەرمەکاندا عەرەقم
خواردووەتەوە
له هاویندا له ڕۆژه زۆر گەرمەکاندا بیرم له سێکس
کردووەتەوە
له هاویندا له ڕۆژه زۆر گەرمەکاندا جگەرەم
کێشاوه
له هاویندا بەڵام
قەت حەشیشم نەکێشاوه

لە ڕاستیدا:
حەفتەی ڕابردوو لە ئاودەستخانەدا
حەزم لە حەشیشکێشان بوو
لە هەوڵی پەیداکردنی بۆ شوێنێکی تەسک و تاریک
چووم بەڵام
حەشیشم قەت بە دەست نەهێنا

بیرم لە حەشیشکێشان لە ئاودەستخانەدا
کردەوە و
ترسام حەشیش لە وەرزی هاویندا
نەکێشرێت

لە ئاودەستخانەدا عەرەقم خواردووەتەوە
لە ئاودەستخانەدا بیرم لە سێکس کردووەتەوە
لە ئاودەستخانەدا
جگەرەم کێشاوە
لە ئاودەستخانەدا بەڵام
قەت حەشیشم نەکێشاوە

# میوانداریی بەکۆمەڵ

بەو پێیەی مێشوولە و سیسرکە و مارمێلکە
دەتوانن لە ئاودەستخانەدا بژین و
چەند دانە بەشەرێکیش کە بیستوومە هەر لەوێدا
مردوون
ئێمە ناتوانین میوانداریی دۆستانمان بۆ گووکردنی
بەکۆمەڵ بکەین و
هەر لەوێدا
چا و قاوە بخۆینەوە!

# چا

بۆ ئاودەستخانە کە چووم
بە دایکمم گوت: چایەکم بۆ بێنە بەڵام
کە زۆر باشیش لە من تێگەیشت
چای قەت نەهێنا

بۆ ئاودەستخانە کە چووم
بە ژنەکەمم گوت: چایەکم بۆ بێنە بەڵام
تەماشایشی کە دەکردم
چای قەت نەهێنا

بە خوشکەکانمم گوت: چایەکم بۆ بێننە
ئاودەستخانە
بەڵام
کە بە بەر دەمیشیاندا چووم
چایان قەت نەهێنا

ئەوە واتای ئەوەیە:
چای نابێت بۆ ئاودەستخانە ببردرێت؟!

# شیعرنەنووسین

لە ئاودەستخانەدا
بیرم لە نووسینی شیعرێک کردەوە بەڵام
شیعرێک گەر لە ئاودەستخانەدا بنووسرێت
بۆنی گوو ڕەنگە بگرێت و خوێنەران بە هۆیەوە
نارەحەت بن
حورمەتی خوێنەرم لەبەر چاو گرت و
نەمنووسی!

# دەرکەی ئاودەستخانەکان

دەرکەی ئاودەستخانەم کە کردەوە
هەستێکی وەهام هەبوو کە تۆیش لەو کاتەدا
ڕێک خەریکی دەرکەی ئاودەستخانە دەکەیتەوە
دانیشتم و
گوتم:
بە خۆشیی تۆ!

# کات لە ئاودەستخانەدا

لە ماڵی دۆستێکم کە دانیشتووم
خەریکم بیر لە ئاودەستخانەکەیان دەکەمەوە:
بە پێی یاسای ماڵی ئەوان
کاتژمێر چەند بۆم هەیە بڕۆمە ئاودەستخانە و
چەند کاتژمێر دەتوانم تێیدا بمێنمەوە!

# زەنگی ئاودەستخانە

هیچ کێشەیەک لە ئارادا دەبێت
لە ئاودەستخانەدا ئەگەر دانیشتبیت و
زەنگی تەلیفۆنی ژنێکت بۆ بێت و
ئاسایی وەڵامی بدەیتەوە و
بڵێیت:
گوو دەکەم؟

# میوان

له ئاودەستخانەی شوێنێکی گشتیدا
که دانیشتم
کەسێک، نازانم کێ بوو
له دەرکەی دا
گوتم: فەرموو!

## بەکۆمەڵ

خەڵکیم بەکۆمەڵ لە حەمامدا بینیون
خەڵکیم بەکۆمەڵ لە مزگەوتدا بینیون
خەڵکیم بەکۆمەڵ لەسەر قەبران بینیون
خەڵکیم بەڵام
بەکۆمەڵ لە ئاودەستخانەدا نەبینیون
ئەوە واتای ئەوە دەگەیەنێت:
خەڵکی بیریان لە بەکۆمەڵچوون بۆ ئاودەستخانە نەکردووەتەوە!

# سەرقاڵییەکانی خۆکوشتن

لە کاتێکدا کە دەمەوێت دابنیشم و
شیعرێک بۆ ساتەوەختی مردنی خۆم بنووسم
لە هەمان کاتدا بەڵام
دراوسێیەکم بە تێکدانی خانووەکەی تەپەتەپ بکات و
بەم هۆیەوە بلۆک بەر ببێتەوە و
ئارامیی ماڵەکەم بشێوێت...
جگە لەوەی بچم لە ئاودەستخانەدا دابنیشم و
سەرم بخورێنم
دەتوانم چیی دیکە بکەم؟!